گـۆڤـاری زانـکـۆی راپــەڕیــن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة رابرين

E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
DOI: https://doi.org/10.26750/t9vavk94

ڕێـکەوتـی وەرگـرتـن: 12/04/2024
ڕێکەوتی پەسەندکردن: 10/06/2024
ڕێـکەوتی بڵاوکردنەوە: 29/10/2025

# ئیستاتیکای جۆرەکانی وێنەی شیعری لای بەکر عەلی

**ژینۆ عەبدولڕەحمان محەمەد**[1] - **هەژار فەقێ سلێمان حسێن**[2]
Hazhar.faqe@garmian.edu.krd zhino.abdulrahman@charmouniversity.org
[1]بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پەروەردەی سلێمانی، وەزارەتی پەروەردە، چەمچەماڵ، هەرێمی کوردستان، عێراق.
[2]بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پەروەردەی گەرمیان، وەزارەتی پەروەردە، کەلار، هەرێمی کوردستان، عێراق.

**پوختە:**
هەمیشە لە دنیای ئەدەبدا لەپاڵ پەیام و بیردا، بە دوای جۆرە جوانییەکدا دەگەڕێین. دۆزینەوەی ئەو جوانییانەش بە تێگەیشتن و وردبونەوە لە دەق لە ڕێگەی پێودانگە شیعری و ئیستاتیکییەکان و بونی پاشخان و ئەزمونی ئەدەبی و هونەرییەوە، بە ئەنجام دەگات. لەنێو ڕەگەزەکانی ئیستاتیکای شیعریشدا، وێنەی شیعری بە ڕەگەزێکی سەرەکیی دێرینی نیشاندانی جوانیی دەقی ئەدەبی هەژمارکراوە و لە ڕێگەیەوە پەی بە جوانییەکانی دەق دەبرێت.
(بەکر عەلی)، وەکو هەر شاعیرێکی داهێنەری هاوچەرخی ئەدەبی کوردی، وێنەی شیعری و جۆرەکانی لە هەناوی دەقەکانیدا دەبینرێن. لە توێژینەوەکەدا بەشێوەی تیۆری چەمکە دیارەکانی ئیستاتیکا و وێنەی شیعری و توخمە پێکهێنەرەکانی وێنەی شیعری باسکراوە، ئامانجی توێژینەوەکە دیاریکردن و خستنەڕوی ئیستاتیکای جۆرە جیاوازەکانی وێنەی شیعریی و توخمە پێکهێنەرەکانیەتی لە دەقە شیعرییەکانی شاعیردا، هاوکات پیشاندانی توانا و لێهاتویی پاشخانە ئەدەبی و شیعرییەکانی شاعیرە لە مەزراندنی جۆرەکانی وێنەی شیعرییدا. توێژینەوەکە گەیشتوەتە ئەو ئەنجامەی، کە بەکر عەلیی شاعیر، وەک شاعیرێکی زرنگ و بە پاشخانێکی زەنگینەوە زیاتر پەنای بۆ وێنە شیعرییە چەشناوچەشنەکانی وەک وێنەکانی (خواستن و لێکچواندن و وێنەی تاک و لێکدراو و وێنە هەستییەکان و وێنەی جوڵاو و وەستاو) بردوە، لە ڕێگەیانەوە هەست و نەست و دنیابینی و بیرەکانی و ژیانی پڕ چەرمەسەریی خۆی، پڕ ڕەنگرێژ کردون. وێنەی شیعری لەڕوی هەستەکانەوە، بەراورد بە جۆرەکانی تری وێنە پانتایەکی گەورەتر و بەرچاوتری داگیرکردوە. هاوکات کۆی توخمە پێکهێنەرەکانی وێنەی شیعری لە ئیستاتیکای شیعرەکانیدا تواندوەتەوە، هەر لە زمان و ئەو واقیعە تاڵەی کە تێدا بوە تا هەست و نەست و ئەندێشە و بیرە نەتەوەیی و سەرچاوەکانیتری وێنەی شیعری لە ڕێگەی وشەی ئاوازدار و مۆسیقادارەوە، نەخشاندوە.
**کلیلە وشەکان**: ئیستاتیکا، وێنەی شیعری، جۆرەکانی وێنەی شیعری، شیعری هاوچەرخی کوردی، بەکر عەلی.

# The Aesthetic Study of Different Types of Imagery in Bakir Ali's Poetry

**Zhino Abdulrahman Mohammed[1] Hazhar Faqe Suleman Hussein[2]**

[1]. General Directorate of Education/Sulaimanyah, Ministry of Education, Chamchamal City, Kurdistan Region, Iraq.

[2]. General Directorate of Education/Garmian, Ministry of Education, Kalar City, Kurdistan Region, Iraq.

## Abstract

A certain kind of beauty is something we constantly seek out in the literary world along with ideas and messages. Understanding and evaluating the text using poetic and aesthetic standards, as well as the existence of literary and artistic background and experience, is necessary to uncover these beauties. Poetic imagery has long been regarded as the primary aesthetic genre in poetry that best conveys the beauty of literary works.

Like any other contemporary Kurdish poet, Bakr Ali used poetic images and their types in his texts. This study provides a theoretical discussion of the key concepts of poetic imagery, aesthetics, and poetic imagery genres. The study intends to demonstrate the capacity of the poet's literary and poetic background in establishing kinds of poetic images as well as to identify and present the aesthetics of various genres and types of poetic images in the poet's poetic texts.

The study concluded that Bakr Ali, as a talented poet with a rich background, used a variety of poetic images, including metaphor, simile, individual and accumulated images, sensory images, moving and static images, and so on, to paint his worldview, his thoughts, and his turbulent life with feelings and emotions. Emotionally speaking, poetic imagery takes up more space than other kinds of imagery. Simultaneously, he depicted all forms of poetic imagery from his poems' aesthetics, including language and the harsh reality it conveyed as well as sentiments, ideas, and national conceptions, among other types of poetic imagery expressed through melodic language.

**Keywords:** Contemporary Kurdish Poetry, Aesthetics, Poetic Image, Types of Poetic Image, Bakr Ali.

## پێشەکی:

وێنەی شیعری و توخمە پێکهێنەرەکانی و جۆرەکانی، لەکۆنەوە تاوەکو ئێستا جێگەی باس و لێکۆڵینەوە و سەرنجپێدانی ڕەخنەگران بوە، زۆرێك لە ڕەخنەگران و لێکۆڵەرانی ئەدەب وەک ڕەگەزێکی گرنگی ئیستاتیکا ناساندویانە و تێڕوانینی خۆیانیان لەو بارەیەوە خستوەتەڕو و لە گرنگییەکەی دواون. لە نێو شیعر و ئەدەبیاتی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات و لە ناویشیدا ئەدەبی کوردی، لەبەر گرنگی و بایەخی ئەم بابەتە لە نێوەندی ئەدەبی و شیعریی خۆیدا، بەردەوام لایان لێکردوەتەوە. لەم سۆنگەیەشەوە ئەم توێژینەوەیە کار لەسەر ئیستاتیکای جۆرەکانی وێنەی شیعریی دەکات لە دەقە شیعرییەکانی بەکر عەلی شاعیردا، وەک شاعیرێکی هاوچەرخی کوردی.

ناونیشانی توێژینەوەکە:(ئیستاتیکای جۆرەکانی وێنەی شیعری لای بەکر عەلی).

ڕێبازی توێژینەوەکە: توێژینەوەکە بە ڕێبازی (وەسفیی شیکاری) کاریکردوە.

هۆی هەڵبژاردنی توێژینەوەکە: ئەوەندەی ئێمە ئاگاداربین، لێکۆڵینەوەیەکی زانستی لەم ڕووەوە لەسەر بەرهەمی (بەکر عەلی) نەکراوە. وەختایەک دەبینین ئەم شاعیرە، شاعیرێکی داهێنەرە و خاوەن مەعریفەیەکی شیعری و مۆسیقی و شێواز و دنیابینیی خۆیەتی بۆ ژانری شیعر، سەرەڕای لەسەرزارانی ناو و شیعرەکانی، توێژینەوەی کەمی لەسەر کراوە.

کێشە و پرسیاری توێژینەوەکە: توێژینەوەکە بە دوای ئەو وەڵامانانەدا گەڕاوە، کە تا چەند شاعیر بنەماکانی ئیستاتیکا و وێنەی شیعری و جۆر و توخمە پێکهێنەرەکانی وێنەی لە شیعرەکانیدا، بەکاربردوە.

سنوری توێژینەوەکە: سنوری توێژینەوەکە شیعرەکانی نێو دیوانی (کاسکێتەکەم بسپێرن بە پایز)ن، کە تاکە بەرهەمی شیعریی شاعیرە.

ئامانجی توێژینەوەکە: پیشاندانی ئیستاتیکای جۆرە جیاوازەکانی وێنەی شیعریی و توخمە پێکهێنەرەکانییەتی لە دەقە شیعرییەکانی شاعیردا، هاوکات پیشاندانی توانا و لێهاتویی پاشخانە ئەدەبی و شیعرییەکانی شاعیرە لە مەزراندنی جۆرەکانی وێنەی شیعرییدا.

گرنگی توێژینەوەکە: توێژینەوەکە دەبێتە سەرچاوەیەکی بەردەستی خوێنەران بۆ تێگەیشتن لە ئیستاتیکای وێنەی شیعری لە دەقەکانی بەکر عەلی شاعیردا و هاوکاتیش دەبێتە سەرچاوەیەک بۆ ئەو توێژەر و ڕەخنەگرانەی کە لە داهاتودا کار لەسەر شیعری ئەم شاعیرە دەکەن.

پێکهاتەی توێژینەوەکە: توێژینەوەکە لە پێشەکییەک و دوبەش پێکهاتوە:

بەشی یەکەم: کە بەشێکی تیۆرییە، تێیدا زاراوە و چەمکی ئیستاتیکا و وێنەی شیعری و توخمە پێکهێنەرەکانی وێنەی شیعری، ئیستاتیکای وێنەی شیعری، خراونەتەڕو.

بەشی دوەم: کە بەشی پراکتیکیی توێژینەوەکەیە، تەرخانکراوە بۆ جۆرە دیارەکانی وێنەی شیعری لە دەقە شیعرییەکانی بەکر عەلی شاعیردا.

لە کۆتاییشدا، ئەنجامە بەدەستهاتوەکان و ئەو سەرچاوانەی کە توێژینەوەکە پشتی پێبەستون، لەگەڵ پوختەی توێژینەوەکە بە زمانی ئینگلیزی، دەبینرێن.

## بەشی یەکەم: زاراوە و چەمکی ئیستاتیکا و وێنەی شیعری

### تەوەری یەکەم: زاراوە و چەمکی ئیستاتیکا:

ئیستاتیکا چەمکێکی دیاری نێو دنیای زانستە مرۆییەکانە، بەتایبەتیش زانستەکانی هونەر و ئەدەب و فەلسەفە. (وشەی ئیستاتیکا (Aesthetic)، بۆ یەکەم جار لەلایەن زانای ئەڵمانی (ئەلیکساندەر باومگارتن) لەساڵی (١٧٥٠ز) لە کتێبی (Aesthetic)دا، هاتوە، ئەم زاراوەیە لە بنەڕەتدا، دەگەڕێتەوە بۆ یۆنان و لە وشەی (ئیسیزیس)ەوە، وەرگیراوە)(مستەفا، ٢٠٠٩: ٢١).

زۆربەی سەرچاوەکان لەسەر ئەوە ڕێککەوتون، کە زاراوەی ئیستاتیکا بۆ یەکەم جار لە نیوەی دوەمی سەدەی هەژدەهەمدا لە کتێبەکەیدا بە ناوی (Aesthetic)، کە بەلاتینی نوسراوە ((بەرامبەر بەو زانستەی تایبەتە بە (زانینی هەستی) یان (هەستناسی) بەکارهێنراوە. کتێبەکەش بریتییە لە باسێك لەبارەی (ڕەخنەی چەشە)وە، باومگارتن هێزی زانینی دابەشکرد بۆ: هێزی باڵای عەقڵ، کە جەخت لەسەر لۆژیك دەکاتەوە. لەگەڵ هێزی نزمی هەست، کە جەخت لەسەر ئیستاتیکا دەکات. دەشڵێت بە لۆژیك دەگەینە ڕاستی و بە ئیستاتیکاش دەگەینە هونەر))(حسێن، ٢٠٠٨: ١٨).

(باومگارتن- Baumgarten) ئیستاتیکای بە زانستێك پێناسەی کرد: (کە لە جوغزی لۆژیکی هەست و ئەندێشەی هونەردایە، جیاواز لە لۆژیکی زانستی و بیرکردنەوەی ئاوەزیی. هاوکات (ئیمانۆیل کانت)ی فەیلەسوفی ئەڵمانی وای ناساند کە جوانیناسی ئەزمونێکە جیاواز لە چالاکی تیۆری و زانستی کە بیر جێبەجێیدەکات. چالاکییەکی چێژدارە، کە پشتبەستوە بە گەمەیەکی ئازاد لە نێوان ئەندێشە و بیردا) (مطر، ٢٠١٣: ١١).

ئیستاتیکا لقێکیشه له زانستی فه‌لسه‌فه‌، که له چییه‌تی جوانیی ده‌کۆڵێته‌وه‌، له فه‌رهه‌نگی فه‌لسه‌فیی (لالاند)دا ئیستاتیکا وا پێناسه کراوه (هه‌ر شتێك به جوانییه‌وه گرێدرا بێت و سروشتی جوانی پێناسه بکات) (شێخ حسێن، ٢٠١٨: ٣٥).

هه‌روه‌ها (که‌مال میراوده‌لی)یش ده‌رباره‌ی چه‌مکی ئیستاتیکا له کتێبی (فه‌لسه‌فه‌ی جوانی و هونه‌ر_ئیستاتیکا)دا ، ئاماژه به‌وه ده‌کات که ئیستاتیکا (لقێکه له فه‌لسه‌فه‌، گرنگی ده‌دات به لێکۆڵینه‌وه و ڕونکردنه‌وه‌ی چه‌مکی(جوانی)و به ڕوخسارێکی جیاکه‌ره‌وه‌ی کاره‌کانی هونه‌ر پێشنیازی ده‌کات، که حوکمدانه ئیستاتیکییه‌کان پشتیان پێده‌به‌ستن. ئیستاتیکا خه‌ریکی شیکردنه‌وه‌ی ئه‌و چه‌مك و چاره‌سه‌رکردنی ئه‌و گیروگرفتانه‌یه‌، له کاتی خوردبونه‌وه له بابه‌ته ئیستاتیکییه‌کاندا په‌یدا ده‌بن. بابه‌ته ئیستاتیکییه‌کانیش، هه‌مو ئه‌و بابه‌تانه ده‌گرنه‌خۆیان، که تاقیکردنه‌وه‌یه‌کی ئیستاتیکی ده‌ده‌ن به ده‌سته‌وه‌. هه‌روه‌ها مادام تاقیکردنه‌وه‌ی ئیستاتیکی جۆرێکه له جۆره‌کانی باوه‌شکردنی مرۆڤ به ژیاندا، ئه‌وه ئیستاتیك له په‌یوه‌ندی مرۆڤ به جیهانه‌وه و به جه‌وهه‌ر و یاساکانی په‌ره‌سه‌ندنی هونه‌ر و ده‌وری هونه‌ر و له گۆڕانکارییه کۆمه‌ڵایه‌تییه‌کان، ده‌کۆڵێته‌وه) (میراوده‌لی، ٢٠٠٥: ٥٦).

له ناساندنێکی تری ئه‌م زانسته‌دا هاتوه ((ئیستاتیکا زاراوه‌یه‌کی فه‌لسه‌فییه‌، بۆ زانستێك به‌کارده‌هێنرێت که له مه‌رجه‌کانی جوانی، پێوانه‌کانی، تیۆره‌کانی، له چێژی هونه‌ریدا، له بڕیاره‌کانی، به‌ها په‌یوه‌سته‌کانی به شوێنه‌واره هونه‌رییه‌کانه‌وه و هه‌روه‌ها له به‌رزترین ئاسته‌کانی جوانییه‌کانی مرۆڤ به‌واقعیشه‌وه‌، ده‌کۆڵێته‌وه)) (مسته‌فا، ٢٠٠٩: ٢٠). ئیستاتیکا ته‌نها باس له شته جوانه‌کان ناکات، به‌ڵکو باس له‌و شته ناشیرینانه‌ش ده‌کات، که به‌شێوه‌یه‌کی هونه‌ری گوزارشتیان لێده‌کرێت ((هه‌رچه‌نده هونه‌ر، گرنگترین بابه‌ته له بابه‌ته‌کانی ئیستاتیکا، به‌ڵام تاکه بابه‌ت نییه و به‌ڵکو جگه‌له به‌رهه‌مه هونه‌رییه‌کانی، باس له سروشت و مرۆڤ و به‌رهه‌مه‌کانی تری مرۆڤ ده‌کات، به‌ڵام ئیستاتیکا به‌گشتی له په‌یوه‌ندییه ئیستاتیکییه‌کانی مرۆڤ به واقیعه‌وه‌، به‌تایبه‌تیش له به‌رزترین شێوه‌کانی ئه‌م په‌یوه‌ندییانه ده‌کۆڵێته‌وه‌، که ئه‌ویش هونه‌ره)) (میراوده‌لی، ٢٠٠٥: ٥٥).

ئه‌م زانسته هه‌ڵده‌ستێت به پێناسه‌کردنی چییه‌تی واتا و به‌های جوانی ده‌ستنیشان ده‌کات. پاشان به‌و قۆناغه‌دا تێده‌په‌ڕێت و به‌ره‌و دیاریکردنی چوارچێوه‌ی تیۆری و بیردۆزی یاساکان ده‌ڕوات. که له‌به‌ر ڕۆشنایی ئه‌و یاسایانه‌، ده‌توانین خوێندنه‌وه بۆ ئه‌زمونی جوانیناسی بکه‌ین به‌گشتی و دیارده‌کانی جوانیناسی به‌تایبه‌تی، بکرێت. بۆیه دیاریکردنی جوانی، کردارێکی که‌سی و له‌خۆوه نییه (سالم، ١٩٩٦: ١٥).

که‌واته بۆ دیاریکردنی به‌ها ئیستاتیکییه‌کان، پێویسته به په‌یڕه‌ویکردنی یاسایه‌ك بکرێت، وه‌ك چۆن ده‌ربڕینی هونه‌ری ناخی که‌سه‌کان، به پێی په‌یڕه‌وییه‌ك داده‌ڕێژرێت.

ئاشکرایه ئیستاتیکا له شیعردا له ڕێگه‌ی ڕه‌گه‌ز و بنه‌ماکانی شیعره‌وه نیشانده‌درێت. له پاڵ زمان و مۆسیقای شیعریدا، وێنه‌ی هونه‌ریش به ڕه‌گه‌زێکی گرنگ داده‌نرێت و شاعیر ده‌توانێت له ڕێگه‌ی چێکردنی وێنه‌ی جوان و واتاداره‌وه‌، ده‌قێکی جوان و چێژبه‌خش بچنێت. بۆیه ئێمه له ته‌وه‌ری دواتردا، وردتر ده‌چینه سه‌ر باسی (وێنه‌ی هونه‌ری) له شیعردا.

**ته‌وه‌ری دوه‌م : چه‌مك و زاراوه و توخمه پێکهێنه‌ره‌کانی وێنه‌ی شیعری**

**یه‌که‌م: چه‌مك و زاراوه‌ی وێنه‌ی شیعری**

زاراوه‌یه‌کی نوێیه له‌ڕه‌خنه‌ی ئه‌ده‌بیدا، به‌هه‌وڵ و تێکۆشانی ڕه‌خنه‌ی ئه‌ده‌بیی ڕۆژئاوایی هاتوه‌ته ئاراوه‌، میلله‌تانی تریش وه‌ریان گێڕاوه‌ته سه‌ر زمانه‌کانی خۆیان. هه‌رچه‌نده وێنه زۆر کۆنه‌، بونی به‌بونی شیعره‌وه به‌نده‌، به‌ڵام وه‌کو زاراوه شتێکی نوێیه‌.

زاراوەکە لە (لە ڕەخنەی ئەوروپیدا (image)ی پێدەوترێت، کە وشەیەکی ئینگلیزییە، ئاشکراشە وشەی (imagination)ی ئینگلیزیی لە وشەی(imagimoto)ی لاتینییەوە وەرگیراوە و بەرانبەری لە یۆنانییدا (pnantasia)یە و ڕاستەوخۆی وشەی ئینگلیزیی (fancy) لێوەرگیراوە، کەواتە وشەی(imagination)بە واتای خەیاڵ دێت، لە یۆنانیش (pnantasia)بە واتای خەیاڵ دێت، چونکە خەیاڵ ڕەگەزێکی مەزنی شیعرە و لە دروستکردنی وێنەی هونەرییدا بەشدارییەکی فراوان دەکات) (عیسا، ٢٠٠٩: ١٩).

بۆ یەکەمجار وێنەی شیعریی لەلایەن (سی، دی، لویس)ەوە پێناسەکرا، کە وێنەیە بە وشە، وەسف و خوازە و لێکچونیش وێنە پێك دەهێنن، یان دەتوانرێت بە دەربڕینێك یان ڕستەیەکی ئارایشتکراو ئاراستە بکرێت(ئەمین، ٢٠٠٢: ١٦). (شەفیعی کەدکەنی)یش پەیڕەوی بنەماکەی (سی، دی، لویس) دەکات و ئەوە دەخاتەڕو کە ئەوەی زەمینە سازدەکات بۆ خولقاندنی وێنەی شیعریی بونی هونەرەکانی ڕەوانبێژییە کە خۆیان لە (خواستن، لێکچواندن، درکە، خوازە)دا دەبیننەوە (کدکنی، ١٣٧٥: ١٢٤). هەر بۆیە ((وێنەی هونەری یان ئەدەبی یان شیعری پێکهاتەیەکی ئیستاتیکییە، زمانی داهێنان شێوەی هەستەوەری(حسی) یا هەستی (شعوری)ی تەشەنە دەکات یان واتاکان ئامادەدەکات بەداڕشتنێکی نوێ، توانا و ئەزمونی شاعیر پڕی دەکاتەوە)) (گەردی، ٢٠٠٤: ٢٥).

وێنە یەکێکە لە بنەما سەرەکییەکانی شیعر، کەم شیعر هەیە جۆرە وێنەیەك لە ئامێزی خۆی نەگرێت، لە ڕێی وێنەوە ڕۆدەچینە ناو ناخی دەقە شیعرییەکەوە و لە سیحر و جوانی شیعرەکە دەگەین و بابەتێکمان بۆ ڕون دەکاتەوە، یاخود دیمەنێکمان بۆ بەرجەستە دەکات، لە ڕێگەی یەکێک لەو هونەرانەی کە وێنەی لێ دروست دەکرێت. ((یەکێك لە تایبەتمەندییە گرنگ و دیارەکانی ئەدەب لە هەر شیعرێکدا جگە لە ناوەڕۆکەکەی، بونی وێنەی شیعرییە. لێکۆڵەران و ئەدەبناسان لەسەر گرنگی وێنەی شیعریی قسەیان کردوە و بۆچونی خۆیان لەسەر خستوەتەڕو، ئاماژەیان بەوە کردوە ئەوە وێنەی شیعرییە، کە شیعر لە قسە و ئاخاوتنەکانی تر جیادەکاتەوە. هەر بۆیە شێوەی بەکارهێنانی وێنەی شیعریی لای هەر شاعیرێك، نەك شێوازی ئەدەبی ئەو دیاری دەکات، بەڵکو ئەگەر شاعیرەکە خاوەن ئەندێشەی داهێنەرانە بێت، بەدڵنیاییەوە وێنە شیعرییەکانی بەراورد بە شاعیرانی جیاواز دەبێت)) (عیرفانی، ٢٠٠٤: ٦٥).

هاوکات دکتۆر (شەفیع کەدکەنی) وێنە بە پایەیەکی سەرەکیی شیعری دەزانێت و دەڵێت: ((هەر کەسێك لە ژیانی خۆیدا ئەزمونی تایبەت بە خۆی هەیە، بەدڵنیاییشەوە وێنەی شیعریی ئەو کەسەش کۆمەڵێك تایبەتمەندی لەخۆدەگرێت، کە تەنیا پەیوەستە بە خۆیەوە. جۆری وێنەکانی هەر شاعیرێك دەرخەری شێواز و کەسایەتی شاعیرەکەیە)) (کدکنی، ١٣٧٥: ٢١).

لە لایەکی ترەوە ئەندێشەی شاعیر هەمیشە لەگەڵ وێنە شیعرییەکەی یەکانگیر و ئاوێتە کراوە. لەمبارەیەوە (سیما ڕەحمانیفەڕ) دەڵێت: ((لە ڕاستیدا وێنەی شیعری توانستی شاعیرە لە فۆرمبەخشینی خەیاڵی ئەو، وەرگرتنی ئەوە لە ژینگە و ژیانی دەروبەری)) (ڕەحمانیفەڕ، ٢٠١٥: ١٠٠٨). واتا وێنەی شیعری لای شاعیر پەیوەستە بە سکیمای ئاوەزی و وشەیی و ژینگەییەکەیەوە.

لەگەڵ ئەمانەشدا دەبێت ئاماژە بەوە بکەین، کە بنەمایەکی هەرە گرنگی وێنەی شیعریی، بونی سۆزە. چونکە سۆز بە خاڵێکی گرنگی وێنەی شیعریی دادەنرێت، بۆیە (کۆلێردج) بەهای تایبەتی داوەتێ و دەڵێت: ((وێنەیە بە وشە و پڕە لە هەست و سۆز)) (ئەمین، ٢٠٠٢: ١٨).

لەو پێناسانەی سەرەوە کە بۆ وێنەی شیعریی خرانە ڕو، دەرگیری چەند ناساندنێک دەبین و گوشراوەکەی بە چەند خاڵێك دەیخەینە ڕو:

١-وێنە بنەمایەکی سەرەکیی شیعرە، شیعری باڵا ئەو شیعرەیە کە وێنەی شیعریی باڵا و کاریگەری تێدا بێت.

٢-هونەرەکانی ڕەوانبێژی دەبنە هەوێنی لە دایکبونی وێنەی شیعری، لێرەوە دەکرێت بگوترێت کەم وێنەی شیعری هەیە، کە هونەرێکی ڕەوانبێژیی تێدا نەبێت.
٣-ئەندێشەی شاعیر و وێنەی شیعریی لەیەك جیاناکرێنەوە، ئەندێشەی شاعیر و وێنەی شیعری هاوەڵدوانەی تێکچرژاو و تەواوکەری یەکترین.
٤-سۆز بنەمایەکی هەرە گرنگی خولقاندنی وێنەی شیعرییە، وێنەیەك وێنەیەکی کاریگەرە، کە بەدەر نەبێت لە سۆز.

**دوەم: پەیوەندیی بنەما و توخمە پێکهێنەرەکانی شیعر بە وێنەی شیعرییەوە:**

بە شێوەیەگی گشتی وێنەی شیعری، لە چەند پایەیەك، یان توخمێک پێکدێت، کە لێرەدا بەکورتی گوزەرێک بەسەریاندا دەکەین:

١-زمان

زمان یەکێکە لە توخمە پێکهێنەرەکانی وێنەی شیعریی، ڕۆڵێکی سەرەکیی دەگێڕێت لە بنیاتنان و چێکردنی وێنەی شیعریدا و پێدەری مۆسیقای شیعرییشە بە وێنە و دەوروبەری وێنەکە، چونکە شیعر کیان و بونیاتێکی تەواو زمانییە و هەر یەکە زمانییەکانیشن ئەم مۆسیقایە دروست دەکەن. پەیوەندی نێوان وێنەی شیعریی و زمان لەسەر ئەو بنچینەیە بیاتنراوە، کە (وێنە دەتوانێت پەیوەندیی نوێ بۆ وشەکان بخوڵقێنێت، ئەمەش لە ڕێگەی بەکارهێنانی زمان و فەرهەنگی وشەوە دەوڵەمەند دەبێت) (عەبدولڕەحمان و عەبدوڵلا، ٢٠١٦: ٩).

هاوکات دەکرێت ئەوەش بگوترێت، لەگەڵ بەکارهێنانی زمان، گرنگە شاعیر کار لەسەر پەتیبونی زمانەکە بکات و فەرهەنگی تایبەت و خودیی بە خۆی هەبێت، چونکە تا زمانەکە و خەزنەی وشەی دەوڵەمەند و پاراو بێت، ئەوەندەش وێنە شیعرییەکەی کاریگەری لەسەر خوێنەری ئەو زمانە بەجێدەهێڵێت.

٢-بیر

بیر تیشکێکە بە ئەقڵی شاعیردا دێت، ئەگەر نەخشەی بۆ دانەڕێژرێت و بەرز نەبێتەوە بەرەو خەیاڵ و پێکهاتەکانی تری وێنەی شیعری بەشداری تێدا نەکەن، ئەوا وەك هەمو ئەو بیرانەی لێدێت کە ڕۆژانە بە نێو مێشکی کەسانی ئاساییدا دێت و نابن بە شیعر.

لە زانستی دەرونناسیدا ((بیر و بەبیرداهاتنەوە بناغەی پرۆسە عەقڵییەکانی مرۆڤە، ئەو هێزەیە کە هەمو پرۆسە عەقڵییەکانی تر بەکاردەخات، چونکە بێ بیرهاتنەوە هەمو ڕوداوەکانی ژیان بریتیدەبێت لە دوبارەبونەوەیەکی بێسود و مرۆڤ تێیدا هیچ فێرنابێت، هەر بۆیەش بیرهاتنەوە بە یەکێك لە پرۆسە مەعریفییە گرنگەکانی ژیان دەژمێردرێت)) (عزیز، ٢٠١٧: ١٠٠).

بەم پێیە (جیهانی هەستەکان و جیهانی بیر لە لای شاعیر لە یەکتر جیانابنەوە و لە واژە شیعرییەکانیشدا هەردو جیهانەکە بە یەکدا دەچن، وەک هەندێك ڕەخنەگر ڕەسەنایەتیی وێنە دەبەستنەوە بەتوانای شاعیر لە تەواو گواستنەوەی بیرەکانیان بۆ خوێنەران. بەم جۆرە بیر دەبێتە کرۆکێکی گرنگی وێنە) (کەریم، ٢٠٠٩: ٤٥). سا هەر جۆرە بیرێک بێت، نەتەوەیی و ئاینی و خۆشەویستی و ...هتد، بێت.

٣-ئەندێشە

کۆڵەکە و توخمێکی پێکهێنەر و بنچینەییە لە وێنەی شیعرییدا، (ئەم ڕەگەزە کاریگەریەکی گەورەی هەیە لە شیعردا بەگشتی و لە وێنەی شیعریدا بەتایبەتی، چونکە بەرهەمی تێکەڵاوکردنی حەقیقەت و واقیعە لەگەڵ خەیاڵدا، ئامانجی کارکردنەسەر دەرونی خوێنەر و گوێگرە) (گەردی، ٢٠٠٤: ٦٨).

ئەندێشە بە سەرچاوەیەکی سەرەکی هەمو دەقێکی ئەدەبی دادەنرێت، بەتایبەت دەقی شیعریی، بۆیە تارادەیەکی زۆر بەهای دەق بە ئاستی کاریگەری و قوڵی و فراوانی ئەندێشەوە بەستراوە، چونکە (ئەندێشە دەریایەکی لەبننەهاتوە بۆ

هێنانەکایەی پرۆسەی داهێنان و گۆڕانکاری و تازەگەری لە شیعردا. هەروەها لە جیهانی ئەندێشەدا شتەکان و وشەکان واقیعی نین، بەڵکو پشت بە ئەندێشەی شاعیر دەبەستن و شاعیریش دەستکراوەیە لە چێکردنی وێنەی ئەندێشەییدا، چونکە ئەندێشە هێزێکە لە هێزەکانی دەروونی مرۆڤ. شاعیر دەتوانێت بەهۆی هونەرەکانی ڕەوانبێژی و هەڵبژاردنی وشە و ڕستەی جوان و ناسکەوە وێنەی ئەندێشەیی دابهێنێت و بیگەیەنێتە خوێنەر) (عەبدولڕەحمان و عەبدوڵلا، ٢٠١٦: ١٠). هاوکات ئەندێشە یەکێکە لەو قۆناغ و پلەبەندییانەی کە هەر شیعرێکی پێدا تێپەڕ دەبێت، سەرچاوەی جیاکەرەوەشە بۆ لە شیعرێکەوە بۆ شیعرێکی تر و لە شاعیرێکەوە بۆ شاعیرێکی تر، چونکە زۆرجار لای شاعیران هەمان تێما و هەمان هەست و سۆز ئامادەیی هەیە، ئەوەی هەڵاوێردی دەکات ئەندێشەکەیانە و جیاوازی و جوانی دروست دەکات.

٤- **سۆز**

یەکێکە توخمە پێکهێنەرەکانی وێنەی شیعری، دیارە هەر سۆزیشە کە جوانی وکاریگەری و چالاکی و بەردەوامی و هێشتنەوە بە وێنە دەبەخشێت. سۆز لەزانستی دەروندا بەوە پێناسە دەکرێت کە (دیاردەیەکی ویژدانی و دەرونییە و لەهەست و نەستی خاوەنەکەیەوە لەبەر چەند هۆیەکی ماددی و بیری و هەڵچونی شەپۆل دەدات و بون و قەوارەی خۆی جێدەکاتەوە لای خوێنەر، کاریگەرییەکەشی لەڕەنگ و دەنگ و بزاوتی جەستەییدا خۆی دەنوێنێت) (گەردی، ٢٠٠٥: ٨٥).

سۆز لەشیعردا بەگشتی و لەشیعری لیرکیدا بەتایبەتی، ڕەگەزێکی کارا و پێویستە، هەر بۆیە لەلایەن نوسەر و ڕەخنەگرانەوە بایەخێکی زۆری پێدراوە، لەم بارەیەوە (تیۆدور واگس)، دەڵێت: ((هیچ دەربڕینێکی ئەدەبی، کە پێی بوترێت شیعر، بونی نییە، ئەگەر لە بنەڕەتدا سۆزاوی نەبێت، هەمان بۆچونیش لەلای (ڕیبۆت) دەبینرێت و ئەمیش پێی وایە سۆز هەوێنی هەمو دەقێکی ئەدەبی داهێنراوە)) (کەریم، ٢٠٠٩: ٣٦).

مەبەست لە سۆز ئەو هەڵچون و حاڵەتە حەماسیەیە، کە شاعیر بەهۆی ڕوداوێکەوە لەخۆیدا هەستی پێ دەکات و دەیەوێت لەو هەستەی خۆیدا خوێنەر یان بیسەر لەگەڵ خۆی هاودەم و هاوبەش بکات، (ئەگەر شاعیر نەیتوانی لەبەرهەمەکانی سۆزێکی بەرزی تیا بەکاربهێنێت و کار لەخوێنەریش نەکات، ئەوا شیعرەکانی لە جموجوڵ دەکەون بەهاو جوانیشیان کەم دەبێتەوە) (عیسا، ٢٠٠٩: ٦٧)

لایەنێکی تر کە پێویستە لە باسی ئەم توخمەدا سەرنجی ئاراستە بکەین، ئەو زمانەیە کە سۆز بەرجەستەی دەکات، بەو پێیەی شاعیر زمان دەکاتە پرد لەڕێگەیەوە سۆزی دەقەکە بە خوێنەر دەگەیەنێت، لەمەشدا دەبێت خۆی لەبەکارهێنانی وشەی قورس و نامۆ و واتایی ئاڵۆز بەدوربگرێت، لەبەرئەوەی لە دۆخی وادا خوێنەر بەلایەنە زمانییەکەیەوە خەریك دەبێت و لە بر و سۆزی دەقەکە دوردەکەوێتەوە، لەکاتێکدا سۆز تایبەتمەندییەکانی وێنە ڕاڤە دەکات، کاریگەری و جوانییەکەشی دەگوازێتەوە. بۆیە پێویستە شاعیر بەچاکی سۆز بگەیەنێت و بیگوازێتەوە، ئەمەش بەدی نایەت تەنها ئەگەر شاعیر بەچاکی زمان بەکار نەهێنێت، بە هەمو ئەو چالاکی و هێزە کاریگەر و ئیحیانەی کە هەیەتی (عەلی، ١٩٩٨: ٤٤).

٥- **نەست**

ڕۆڵی نەست لەپێکهێنانی وێنەی شیعریدا هیچ کات لەڕۆڵی توخمە پێکهێنەرەکانی تر کەمتر نییە، نەك هەر ئەوە بەڵکو هەندێك لە ڕەخنەگران بۆ ئەوە دەچن کاریگەرترین ڕەگەزە، بەو پێیەی نەست سەرچاوەی داهێنانی هونەر بەگشتی و وێنەی شیعری بەتایبەتییە، لەم ڕووەوە (دکتۆر محەمەد غنیمی هلال) دەڵێت: ((هەمو وێنەیەك لەداهێنانی هونەریدا ڕەگ و ڕیشەی لەجیهانی نەستدا ڕۆچوە، چونکە لەپشت ئەو تروسکاییەی کە لە دەرونی خۆماندا هەستی پێ

دەکەین، بوارێکی تاریکی نەزانراو هەیە کە لێوانلێوە لە دیاردەی دەرونی و تەنها ڕەنگدانەوەی ئاڵۆزی نەبێت هیچی لەبارەوە نازانین)) (هلال، ١٩٧٣: ٣٧١).

مەبەست لەنەست ئەو کۆگا ڕۆشنبیرییە کەڵەکەبوە کەونارەیەیە، کە لە ناخی ئەدیب و شاعیردا هەیە و ڕۆڵێکی گەورە دەبینێت لە دروستکردنی وێنە ئەدەبییەکاندا. شیعریش وێنەی خۆی لە ڕێگەیەوە لێ هەڵدەهێنجێنێت (عیسا، ٢٠٠٩: ٧١).

گرنگی نەست (لاشعور) بۆ وێنە لەوەدایە، کە وێنە خۆی خاڵی بەیەکگەیشتنەوەی ئێستا و ڕابردوە، لەویش گرنگتر ئەوەیە نەست یادگارییەکانی منداڵی دەخاتە سەر وێنەکە و چێژێکی تایبەتی دەدات و دەبێتە مایەی دڵڕفێنیی وێنەکە (گەردی: ٢٠٠٤: ٨٩).

**٦-واقیع**

واقیعیش یەکێکی ترە لە توخمە پێکهێنەرەکانی وێنەی شیعری، ڕۆڵێکی سەرەکی لە بنیاتنان و ئاراستەکردنی وێنەی شیعریدا دەگێڕێت، واقیع و وێنە واقیعییەکان دابڕاو نین لە شیعری شاعیران، ((هەمو ئەو شتانەی کە ڕۆژانە دەیانبینین لە سروشت و گیانلەبەران و ئەو شتانەی کە بونێکی بەرجەستە و تایبەتیان هەیە و مرۆڤ دەتوانێت هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا بکات، بە جۆرێك لە جۆرەکان دەبنە واقیع و کەرەستەی بابەتی هونەری و وێنەی شیعری)) (سەرچاوەی پێشو، هەمان لاپەڕە).

دەکرێت ئەوەیش بخەینەڕو کە ((زۆرجار واقیع بە ئەندێشە ڕازی دەبێت لە ئەدەبدا و زۆر نوسەر هەن وەهم و ئەندێشە تێکەڵ دەکەن و وێنەی ڕاستەقینەی پێ دەشێوێنن)) (عیسا، ٢٠٠٩: ٥٨)، تاوکو واقیعە نوێیکە هەم شیعری بکەوێتەوە، هەمیش بەرگەکیراو بێت، کە ئەمە یەکێکە لە ئامانجەکانی ئەدەب بەگشتی و ژانری شیعر بەتایبەتی.

کۆی ئەو توخمە پێکهێنەرەکانە لە هەناوی وێنەی شیعریدا ئامادەییان هەیە، ئەمەش ئەو هۆکارەیە کە وێنەی شیعری بایەخ و گرنگیی بەردەوام و ناکۆتای هەیە لە بەخشینی ئیستاتیکا و شیعریەتدا. بەو هۆیەشەوەیە وێنە شیعرییەکانی تایبەت بەهەر شاعیرێک لەوی تر ناچێت، چونکە ئاوەزە هەڵچنراو و کەڵەکەبوەکەی نەست و ئەندێشە و سۆز و بیر و واقیعی ژیان و ژینگەی هەر شاعیرێک لە شاعیرێکی تر جودایە.

**تەوەری سێیەم: ئیستاتیکای وێنەی شیعری**

توێژینەوەکان بنەما و پێکهاتەکانی ئیستاتیکایان لە شیعردا بەسەر سێ ئاستدا دابەشکردوە، کە ڕۆڵیان هەیە لە پێدانی جوانی و چێژدا، ئەوانیش: یەکەم: ئیستاتیکای دەرەوە، کە بریتین لە زمان و وێنەی شیعری و مۆسیقا. دوەم: ئیستاتیکای ناوەوە، کە سۆز و خەیاڵ و بیر لەخۆدەگرێت. سێیەمیش هەماهەنگی نێوان هەردو ئاستەکەی پێشوە(بڕوانە: صهبا، ١٣٨٤: ٩٣).

دەبینین وێنەی شیعری کە دوەمین ڕەگەزی ئاستی ئیستاتیکای دەرەوەیە، پێدەرێکی گەورە و بەپێز و بەبڕشتی ئیستاتیکای شیعرییە.

لەم ڕووەوە (پاوڵ کۆرێن) لە بارەی گرنگی وێنە و جوانیی وێنە لە شیعردا، دەڵێت: (بیرۆکە و وێنە دڵی هونەرن، گیانی شیعر وێنەیە، جوانیی شیعر جگە لە کێش و ڕیتم لە وێنەی شیعریدایە) (تەنیا، ٢٠٠٥، ١٦)، ئەم وێنەی بە گیانی شیعر و ڕەگەزێکی گرنگی جوانیناسی داناوە، واتا هەر زیندوێتی و جوڵەیەك لە شیعردا هەبێت، ئەوا لە ڕێگەی وێنەوەیە، کە شاعیر داهێنەرییەتی. هەر بۆیە (وێنە لە نێو دەقدا ناسنامەی داهێنانی نوسەرەکەیە و سیحر و جوانییەکی وای لە خۆدا هەڵگرتوە، کە توانای کەمەندکێشکردنی خوێنەری تێدایە و خوێنەر وا هەست دەکات سەیری تابلۆیەکی هونەری دەکات)(خۆشناو ٢٠١٠: ٢٧٧).

ئاشکرایە یەك لە مەبەست و ئەرکە دیارەکانی شیعریش بەرهەمهێنانی ئیستاتیکییەت و جوانیی ڕوتە، خودی شیعر دەستی دەگاتە شوێنگەلێك کە تەنها خۆی پەی پێ دەبات. ئەرکێکی سەرەکی شیعر هەر لە کۆنەوە لە پێناو جوانیدا بوە، بێ هیچ کاریگەرییەکی دەرەکی و ئایدۆلۆجی. (ئامانج و مەبەستی شیعریش، بەرهەمهێنانی مانای نوێ و وێنەی ئیستاتیکیی نەبینراو و نەنوسراوە لە نێو زماندا، لە ڕێگەی وێنەی هێمایی و وێنەی میتافۆری و بنەماکانی شیعرییەت و گەمەی زمانی و مۆسیقاوە) (حەسەن، ۲۰۲۰، ۹).

یەکێک لە ڕەگەز و پێکهاتەکانی جوانی و کەوتنەوەی جوانی لە شیعردا پێویستی بە ئامادەیی بەردەوامی وێنەی شیعرییە، چونکە شیعر (ناتوانێت بەبێ وێنە و غیابی وێنە پارێزگاری لە سیما ئیستاتیکی و هونەرییەکەی بکات، بۆیە بەردەوام شاعیر لە خەمی داهێنانی وێنەی شیعریی نوێدایە، بەو ئامانجەی شیعرییەت و ئیستاتیکای دەقەکانی بپارێزێت و گیانی نەمرییان بە بەردابکات) (کەریم،۲۰۱۲: ۲۵).

وێنەی شیعری لە هەر ئەدەبێکدا بە کۆن و نوێ و هاوچەرخەوە پێدەری جوانی و شیعرییەتە، بەتایبەتیتر (لە شیعری نوێدا (وێنە) کەرەستەی گوزارشتە، کە دیمەنێکی زیندو دەگوازێتەوە و ئەزمونێکی مرۆڤایەتی کورت دەکاتەوە) (حسێن، ۲۰۰۸: ۹۵).

بەم پێیە وێنەی شیعری و جوانی لە شیعردا، دوانەیەکی دانەبڕاوان، هەر بۆیە یەکێک لە مۆتیڤە بەرچاو و دیارەکانی پێدەری جوانی لە شیعردا بەندە بە چۆنیەتی و چەندێتی بەکاربردنی وێنەی شیعرییەوە. هەر یەک لە ئیستاتیکای جۆرەکانی ئەم وێنەیەش دەوڵەمەندە بە پێدانی جوانی بە شیعر، کە لە بەشی دواتردا جوانی و شیعرییەتی هەریەکەیان لە کۆنتێکستی خۆیاندا، بەرباس دەدەین.

## بەشی دوەم: ئیستاتیکای جۆرەکانی وێنەی شیعری لای بەکر عەلی

### یەکەم: وێنەی لێکچواندن و خواستن

#### ١-وێنەی لێکچواندن

وێنەی چواندن (کۆنترین وێنەی ڕونبێژییە و کەرەسەی خەیاڵە و لە وێنە و هونەرەکانی تری ڕەوانبێژی ئاسانترە بۆ تێگەیشتن، ئەم هونەرە وەکو هونەرەکانی تر بەگەڵێ قۆناغدا تێپەڕیوە و پێشکەوتوە و بوەتە هونەرێکی دیاری ڕونبێژی)) (مطلوب، ۱۹۸۳: ۱۷۳). ئەم وێنەیە لە سادەترین پێناسەیدا ئەوەیە کە شتێک بەشتێکی دی بچوێنیت، کە لە چەند ڕویەکەوە هاوبەش بن، شاعیر دەتوانێت بە ئاسانی بەکاریبهێنێت، هەر ئەم ئاسان-بەکارهێنانەشیەتی وای لێکردوە ((بە سادەترین شێوازی هونەری پێکهێنانی وێنە دابنرێت، کاتێک شاعیر شتێک بە شتێک دەچوێنێت، کە لە چەند ڕویەکەوە لە یەک دەچن) (حەمە: ۲۰۰۱: ۱۲). بەشێوەیەکی بەربڵاو و زۆر شاعیران وێنەی لێکچواندن بەکاردەهێنن بۆ ڕونکردنەوە و جوانتر خستنەڕوی شتەکان و وێنەکان و پیشاندانی سیفەتی گەشی لێچو، بەهۆی سیفەتی زەق لەوچوەوە (عیسا، ۲۰۰۹: ۹۲). جوانی و ئیستاتیکای ئەم هونەرە باوەی شیعر ڕونکردنەوە و بەرباسدانی هەست و خەیاڵێکی نەزانراوە و بەرجەستە و پیشاندانییەتی بە شت و هەست و مادەیەکی ناسراو. بەکر عەلی شاعیر دەڵێت:

**گریای پڕ چاوی ئەو جۆگەلانەی**
**لە شوێنپێکانی (نالی)یا تەقین...**
**هێندە گریاوی هاکا پاییزێ**
**چاوەکانیشت وەك گەڵا وەرین (عەلی، ۲۰۱۰: ٤٥)**

لەم پارچە شیعرەدا، ئیستاتیکای وێنەی شیعری لە ڕێگەی وێنەی لێکچواندنەوە کەوتوەتەوە، کە لە وێنەی شیعری (چاوەکانت وەک گەڵا)دایە، چاوی بە گەڵا چواندوە، جارێک کە لە تاو گریان و شین و زاریدا چون گەڵا لە پاییزدا لێڵایی

دادێت و دەوەرێت. لە ڕێگەی ئەم وێنەیەوە شاعیر هەست و سۆزی خۆی بۆ غەم و کەسەر و چاوی پڕ گریانی خۆشەویستەکەی دەردەبڕێت، کە تێما و سەنتەرێکی دیاری نێو شیعرەکانییەتی. شاعیر جوانبینیی خۆیمان لە ڕێگەی ئەم وێنەیەوە بۆ واڵا دەکات، کە لە یەک کاتدا و لەیەک سیاقدا هەردو تایبەتمەندی و زەردی و زۆرگریانی چاوی یارەکەی لە ڕێگەی ڕەنگ و وەرینی گەڵاوە پێ دەناسێنێت.

لە پارچە شیعرێکی دیکەدا لەو ڕووەوە شاعیر دەڵێت:

**نیوەشەوەو**
**وا هەناسەی ئازارێکی کەڵەگەت...**
**وەك دارچنارەکەی (قزلەر)م ...**
**تەڕ وەك چاوی منالانی دەربەدەرم**
**دۆستانەتر لە لاوژەکانی (ڕەشۆڵ) و (سێوە) و (سەی عەلی ئەسغەر)م...**
**لەو کراسی یوسفەی کە منی میسر؛ منی برا**
**منی تابوتی هەزاران**
**هەزاران... هەزار... زولەیخا ئەمشەو کردومە تەبەرم (عەلی، ٢٠١٠: ٣٥)**

لێرەدا بەکر عەلیی شاعیر، بە هەناسەیەکی شیعریی تایبەتەوە و لە ڕێگەی وێنەی لێکچواندنەوە و وێنای (ئازار)ی نەبڕاوەی ژیانی خۆی لە بەرگێکی ئیستاتیکای شیعری و وجودیدا، دەکات. ئازارەکەی بە چەند وێنەیەکی تر دەچوێنێت و ڕوندەکاتەوە و دەیناسێنێت، لەیەکەمیاندا باڵای ئازارەکەی دەچوێنێت بە باڵای دارچنارەکانی گوندی (قزلەر)(گوندێکە لە پارێزگای سلێمانی)، لە دوەمیاندا و لە تەڕیدا دەیچوێنێت بە چاوی پڕ ڕۆندکی منداڵانی دەربەدەری وڵاتەکەی، لە سێیەمیاندا کە دەیەوێت وەسفی دۆستانە و نزیکی ئازاری دانەبڕاو و هاوڕێی هەمیشەیی بکات، جارێک دەیچوێنێت بە گۆرانی و لاوکەکانی هەرسێ هونەرمەند و گۆرانیبێژیی کورد (ڕەشۆڵ) و (سێوە) و (سەید عەلی ئەسغەری کوردستانی)، جارێکیش هاوەڵدوانەی خۆی و ئازار دەچوێنێت بە دوانەی پێغەمبەر یوسف (د.خ) و کراسەکەی بەری.

**٢-وێنەی خواستن:**

هونەری خواستن بەرهەمی ئەندێشە فراوانی مرۆڤە و بەبەراورد لەگەڵ لێکچواندندا لەدایکبوی قۆناغێکی پێشکەوتوتری خەیاڵ و زمانی مرۆڤە. ڕۆڵێکی کاریگەر لە دەوڵەمەندکردنی زمان و فراوانکردنی ئاسۆیی دەربڕین و کێشاهێنانی زماندا دەبینێت، ئەمەش دەیکاتە پێویستییەکی داهێنانی شیعری، خواستن دەرکەوتوترین وێنەی ڕونبێژی و وێنەی شیعرییە.

ئەم هونەرە لە لێکچواندنەوە سەرچاوەی گرتوە و خۆی لە خواستندا بینیوەتەوە، چونکە ((خواستن ئەوەیە کە ناوی لایەکی دو لاکەی چواندن بهێنێت و مەبەستت لاکەی تری بێت، وەها پیشان بدرێت کە چوێنراو چوێتە ڕەگەزی پێچوێنراوەوە و تایبەتییەکانی پێچوێنراو لە چوێنراودا دەربخەیت))(السكاكي، ٢٠٠: ١٥٦). جوانیی شیعری وێنەی خواستن ئەوەیە پەیوەندییە نەبینراوەکانی مرۆڤ و شتەکانی دەوروبەریمان بۆ دەدۆزێتەوە، پەیوەندیگەلێکی نوێ و لەجێدانان کە لە شیعر و خەیاڵ و وێنەی شیعریدا دەبینرێت و بەرجەستە دەبێت.

وەک بەکر عەلیی شاعیر لە شیعرە بەناوبانگ و لەسەرزارانەکەیدا دەڵێت:

**هۆ پەپولەی سەر بەردەکانی باوەنور**
**ئاخر گوڵم، هۆ حەبیبەکەی شارەزور**
**ئەم دڵە باڵندەیەکە، شەوانە دێ**
**پەروباڵی لە دەرگەکەتان هەڵئەسوێ**

**کەواتە چۆن دەمەو ئێوارانێ کە دێی**
**نەزانانە پێی پیائەنێی؟ (عەلی، ٢٠١٠: ٥٤)**

لەم شیعرەیدا شاعیر، لە ڕێگەی هونەری شیعری کەونار و دێرینی ئەدەبییەوە، کە وێنەی خواستنە (خواستنی ئاشکرا- هونەری لەجێدانان)ە، لەبری یارەکەی سێ وشە دەهێنێتەوە، یەکەمیان پەپولەیە و لە ناسکی یارەکەیدا و لە تەمەنکورتی عیشقەکەی نێوانیاندا. دوەمیان گوڵە، کە وێنەیەکی خواستنی باو و بەرچاوی نێو ئەدەبیاتی دنیا و ڕۆژهەڵات و کوردییە. سێیەمیان چواندنییەتی بە حەبیبەکەی نالی و شارەزور لە خۆشەویستی و بەناوبانگیدا. کۆکردنەوە و پەیوەندیی پەپولە و گوڵ و حەبیبە و لەبریدانانی یارەکەی لە شوێنیان و خواستن و گواستنەوەی تایبەتمەندیی بەرچاوی هەریەکەیان بۆ یارەکەی، ئەو ئیستاتیکایەیە کە وێنەی خواستن دەیبەخشێت لە شیعردا بەگشتی و لەم نمونەیەشدا بەتایبەتی.

لە وێنەیەکی تری هونەری خواستندا دەڵێت:

**خۆت تاوانباری کە کاتێ**
**پەنجەرەکەت بانگی کردم**
**منیش مەستێکی بێ سەر بوم**
**بۆیە هاتم، ڕوبارێك بوی پەلت گرتم...**
**فڕێتدامە ناو خۆتەوە**
**منیش عەشقێکی بێوەر بوم (عەلی، ٢٠١٠: ٥٩)**

لێردا شاعیر لە ڕێگەی هونەری خواستنەوە وێنەیەکی ئیستاتیکی چێکردوە لە وێنەی (پەنجەرەکەت بانگی کردم)، شاعیر پەنجەرەی بە کەسکردوە و جۆری وێنەکە لە هونەری خواستندا بە (خواستنی درکاو) ناوبردە کراوە، کە شاعیر تایبەتمەندی بانگکردن کە هیی مرۆڤە، بە پەنجەرەی بەخشیوە. ئیستاتیکای ئەم جۆرە لە هونەری خواستن ئەوەیە کە هونەرێکی تەواو مرۆڤینی و شیعری و وجودیی باڵایە، کە ئایدیای مرۆسەنتەری لە شیعردا دەمەزرێنێت و گیان دەکاتە بەری شتە نازیندوەکان، بەوەی کە مرۆڤ شتەکانی دەوروبەری خۆی وەک خۆی و نزیک لە خۆی دەبینێت و گیانی بەبەردا دەکات. تێیدا هونەری بەکەسکردنی بەکاربردوە، کە فۆرمێکی تایبەتی وێنەی خواستنە.

دوەم: وێنەی شیعریی لەڕوی تاك و کۆییەوە

١-وێنەی تاك:

ئەم جۆری وێنە بریتییە ((لە تاکە وێنەیەکی سەربەخۆ، کە شاعیر زۆرجار لە دێڕێکدا، یان لە کۆپلەشیعرێکدا دەینەخشێنێت)) (عەبدولڕەحمان و عەبدوڵڵا، ٢٠١٦: ١٢)، یاخود وێنەی تاك ((بچوکترین وێنەیە کە خۆی لە تاکە دێڕێکدا دەبینێتەوە کە بە شێوازێك لە شێوازەکان لە یەکەی گەورەتر دروست دەبێت، بە گرێدان و پێکەوەبەستنی وێنە تاکەکان، واتە هەر یەکە لە وێنەی لێکدراو و وێنە گشتییەکان لە چەند وێنەیەکی تاك پێکهاتون، بەڵام ڕوخساری خۆیان بە شێوازێکی تر دەگۆڕن و تایبەتمەندیی خۆیانیان دەبێت)) (عیسا، ٢٠٠٩: ٨٠).

شاعیر لە شیعرێکیدا لەم ڕوەوە دەڵێت:

**من ئەڕۆم و تکایە پێی بڵێن ئیتر بە دیدارم ناگاتەوە...**
**من ئەڕۆم و کە ڕۆیشتم، وەك چەم ئەڕۆم**
**چەمیش ئاوڕ ناداتەوە (عەلی، ٢٠١٠: ٤٨)**

لێرەدا شاعیر، لە ڕێی هونەری لێکچواندنەوە (خۆی) بە (چەم) چواندوە، وێنەیەکی ئیستاتیکی لەپێشینەنەچوی دروستکردوە، (ڕۆیشتم وەك چەم ئەڕۆم) وێنەیەکی تاکە و بە تەنها واتایەکی ڕون و جوانی بە دەستەوە داوە و بوەتە

چەقی پارچە شیعرەکە. شاعیر زرنگانە بۆ ڕۆیشتن و سەرهەڵگرتن و ئاوارەبونی خۆی وێنەیەکی باڵانمای بۆ ئەو مەبەستەی خۆی هێناوەتەوە، کە چەمە و تایبەتمەندییە هاوشێوەکەی لە شیعرەکەدا دروست هەڵبژاردوە.

یا لە شیعرێکی دیکەدا دەڵێت:

**سا یوسفی وڵاتی ملیۆنەها بیر**

**شاعیری شێت**

**بنو ئاخر لەم میسری ملیۆن بیرەیا**

**کام زوڵەیخا کام یاقوب و بیر و برا...**

**لە تەنیایی و گریانی (یوسف)یت ئەگات؟ عەلی، ٢٠١٠: ٣٤)**

لێرەدا شاعیر، چەند وێنەیەکی تاکی کەڵەکەبوی لەڕێگەی هونەری خواستنەوە دروستکردوە. وەك (میسر، وڵاتی ملیۆنەها بیر) لەبری (کوردستان)، (زوڵەیخا) مەبەست لە (کچانی کوردستان) و (یاقوب-یەعقوب پێغەمبەر-د.خ) لەبری (باوکانی کوردستان) هێناوەتەوە، ئەمانە هەریەکەیان وێنەیەکی تاکی سەربەخۆیان دروستکردوە و تێکڕا وێنەیەکی لێکدراوی پڕ لە ئیستاتیکایان ئەفراندوە.

**٢-وێنەی لێکدراو:**

وێنەی لێکدراو بریتییە لە دو وێنە یان زیاتر، کە بەسەر یەکەوە تێکەڵ دەبن و وێنەیەکی لێکدراو دروست دەکەن، هەندێکجار شاعیر بۆ جوانکردنی دەقە شیعرییەکەی، کۆمەڵێك وێنە بنیات دەنێت (عەبدولڕەحمان و عەبدوڵڵا، ٢٠١٦: ١٤)

گرنگی و جوانی ئەم جۆرە وێنەیە لەوەدا دەردەکەوێت، کاتێك شاعیر ناتوانێت، مەبەست و توانستە شیعرییەکەی لە شێوەی وێنەی تاکدا دەربڕێت، بۆیە ناچار پەنا دەباتە بەر چێکردنی وێنەی لێکدراو، تا لەم ڕێگەیەوە بتوانێت، هەستی شاعیرانەی خۆی دەربڕێت.

شاعیر لە کۆپلە شیعرێکدا دەڵێت:

**بەڵام ئەفسوس**

**تۆش هەر وەکو کچانی تری شارەکەم،**

**با... نیت... شنەی**

**چەم... نیت... زنەی**

**شەستەباران... نیت... پروشەی (عەلی، ٢٠١٠: ٥٦)**

شاعیر لە هەریەك لەم دێڕانەدا: (با... نیت... شنەی) یاری بە شنەبا چواندوە. (چەم... نیت... زنەی) یاری بە زنە (کانی) چواندوە. (شەستەباران... نیت... پروشەی) جارێکی تر یاری بە پروشە چواندوە. واتە (یار) لێچوە و (شنە، زنە، پروشە) لەوچون. لە ڕێگەی هونەری لێکچواندنەوە وێنەیەکی لێکدراوی یەکبەدوایەکی دروستکردوە. ئەم وێنە لێکدراوانە دەرخەری نەستی شاعیرن، کە گلە و گازندە و ئەسەفی هەیە لە یارەکەی وەک کچانی تری شارە. لە ڕێگەیەوە دەگەینە ئەوەی کە شاعیر چون خۆی، ڕۆحێکی پڕ جوڵە و نەبزێو و نەگیراوی لە یارەکەی دەوێت و داوا دەکات. کەوتنەوەی جوانییش لێرەدا لەوەدایە، شاعیر دژیەکیەکی پڕ لەتافەتی لەوەسفی یارەکەیدا هێناوەتەوە.

شاعیر لە شیعرێکی دیکەدا دەڵێت:

**بۆچی نایەی فریشتەکەم گوڵم هۆ خەمەکەی شەوێم**

**کە دڵنیام وەك ئەستێرەو ئاسمان و خوا خۆشت دەوێم (عەلی، ٢٠١٠: ٥٣)**

لە دێڕی یەکەمدا، لە ڕێگەی هونەری خواستنەوە، وێنەیەکی دروستکردوە، کاتێك خۆشەویستەکەی بە (فریشتە و گوڵ و خەم) چواندوە، هەڵبەت کە (یار) نەهاتوە، هەریەك لەو وشانە لەجێ داناون. لە دێڕی دواتریشدا، خۆشەویستی یارەکەشی بۆ خۆی چواندوە بە گەورەیی خۆشەویستی مرۆڤ بۆ (ئەستێرە و ئاسمان و خوا)، کە هەرسێکیان (لەوچون). بەم جۆرە بە هەردو وێنەکەوە، وێنەیەکی ئیستاتیکی لێکدراوی دروستکردوە. لە هەناویشیدا ئەو ئەو ئیستاتیکییە دەبینرێت کە یار بۆ ئەم خەمی بەردەوامی شەوێیەتی و خۆشەویستی ئەمیش بۆ ئەو وەک خۆشەویستی هەریەک لەو سیانەیە.

**سێیەم: جۆرەکانی وێنە لە ڕوی هەستەکانەوە**

**١-وێنەی هەستی بینین:**

بەربڵاوترین جۆری وێنە هەستییەکانە، بینین و وێنە دوانەی دانەبڕاون، ئەگەر لەم جۆرە وێنەیە وردبینەوە بۆمان دەردەکەوێت کە ((وێنەی هەستی بینین لە هەستەکانی تر کاریگەرترە و مەودای فراوانترە و باشتر گوزارشت لە مەبەستی شاعیر دەکات)) (مستەفا، ٢٠٠٩: ١٥). لە ڕێگەی ئەم جۆرە لە وێنەوە جوانی جیاوازییە هەستییەکان و درککردنی شاعیرانمان، بەروارد بە مرۆڤانی تر بۆ دەردەکەوێت.

شاعیر لە شیعری (هانا) دا دەڵێت:

**دە.. دەرکەوە گوڵم هێشتا، پێڵو فەرشی سەرەڕێیە**

**دڵ کڵۆیەك بەفری سوری ناو پێکەکانی شەوێیە (عەلی، ٢٠١٠: ٥٣)**

لە ڕێی هونەری لێکچواندنەوە، وێنەی هەستی بینینی دروستکردوە. کاتێك (پێڵو)ی بە (فەرشی سەرەڕێ) و (دڵ)ی بە (کڵۆیەک بەفری سور) چواندوە. ئەم وێنانە وەک تابلۆیەکی شیعری ناوازە دەردەکەون، کە لەڕێگەی هەستی بینین و چاوەوە، دەبینرێن و لە خەیاڵ و ئەندێشەدا هەستی پێ دەکرێت و ئیستاتیکی دەکەوێتەوە.

هەر ئەم جۆرە وێنەیە، لە پارچە شیعرێکی دیکەیدا بەرچاو دەکەوێت، کە دەڵێت:

**خۆت تاوانباری کە کاتێ**

**پەنجەرەکەت بانگی کردم**

**منیش مەستێکی بێ سەربوم،**

**بۆیە هاتم، ڕوبارێك بوی**

**پەلت گرتم.. فڕێتدامە ناو خۆتەوە**

**منیش عەشقێکی بێوەر بوم (عەلی، ٢٠١٠: ٥٣)**

لێرە، لە شیعری (ترێی تاڵ)دا، دو وێنەی هەستی بینینی دروستکردوە. یەکەمیان لە ڕێی خواستنەوە (خواستنی ئاشکرا- بەکەسکردن)، (پەنجەرە)ی وەکو (مرۆڤ) وێنا کردوە، دوەمیان لە ڕێی لێکچواندنەوە (ڕوبارێك بوی) (ی) کە ئاماژە بۆ (تۆ) ئەکات لێچوە و (ڕوبار) لەوچوە. لەهەردو وێنەکەدا هەستی بینین کارایە و هەردو وێنەکە دەلالەت لە چونەژورە بۆ نێو دڵی یار و کەوتنەناو ڕوباری ئەوین و عەشقی یارەوە دەکات و بەچاو و بەهەستی بینین دەتوانرێت ببینرێت و وێنا بکرێت. دەبینین شاعیر بۆ ئەوەی هەستی ناخ و دەرونی بەرجەستە بکات و بینوسێتەوە، کە چۆن کەوتوەتە ناو خۆشەویستی بەهاژەی یارەوە، هاتوە لە ڕێگەی وێنەی هەستی بینینەوە، ئەو هەستە تایبەتەی خۆی لە ئیستاتیکای ئەم جۆرە لە وێنەدا بەرجەستە کردوە.

هاوکات لە شیعری (تکا)دا، وێنەیەکی جوانی لە ڕێگەی هەستی بینینەوە، چێکردوە، کاتێک گردۆڵکە و چیاکانی وڵاتی یار، لە سەرێکی تاشراو دەچن و تێیدا دەڵێت:

**لە وڵاتێکا خۆشم دەوێ**

**گردۆلکە و چیاکانیشی**
**کە ئێستاکە لە سەرێکی تاشراو ئەچن**
**بێ نزارن، هیی ئێمە نین**
**هیی پایتەخت و ژنەکانی سەرکۆمارن (عەلی، ٢٠١٠: ٥٢)**

**٢-وێنەی هەستی بیستن:**

زۆر جار شاعیر لە ڕێگەی هەستی بیستنەوە وێنەی شیعری بنیات دەنێت، ئەم وێنەیەش ((هەمو دەنگە سروشتی و دەستکردەکان دەگرێتەوە کە بەر گوێچکە دەکەون، لە ڕێگەی بیستنەوە دەنگەکان لێك جیا دەکەینەوە. هەر وێنەیەکی شیعریی لەسەر بنەمای دەنگ، یان ئاواز یان مۆسیقا بنیات نرا بێت، ئەوە لە ڕێگەی هەستی بیستنەوە باشتر وەردەگیرێت و هەست بە خۆشی و جوانی وێنەکە دەکرێت))(گەردی، ٢٠٠٤: ٢٠٣).

وەک شاعیر بەکر عەلی دەڵێت:

**ئەمشەو تەنیام**
**شەو تابوتی ملیۆن زایەڵەو خۆزگەمە**
**شەو دۆزەخە... زامە... خەمە... قریشکەمە**
**وەرە تا خەو ڕاینەژەندوم**
**تا پێك سەری لێ نەسەندوم. (عەلی، ٢٠١٠: ٥٥)**

لێرەدا، شاعیر وێنەی هەستی بیستنی ئافراندوە. کە دەڵێ: (شەو دۆزەخە... زامە... خەمە... قریشکەمە) ڕونە کە شەو دەبینرێت و نابیسترێت، بەڵام شاعیر هەستی بیستنی پێ بەخشیوە. (شەو دۆزەخە) چونکە، هاوار وناڵەی ناخی تێدا دەبیسترێت، بەتایبەتیتر لە وێنە شیعرییەکانی وەک (شەو زایەڵە و قریشکەمە)، هەریەك لەمانەش واتای ئەوە دەگەیەنن، شەوی ئەو بیستراوە، نەك بینراو، ئەمە ئەو ئیستاتیکا و خەیاڵ و ئەندێشە شیعرییە جیاوازەیە، کە هەردەم لە شاعیران چاوەڕوان دەکرێت و لە مرۆڤانی ئاسایی جیای دەکاتەوە. بەهەمان شێوە ئەم وێنە جوانەشی لە ڕێگەی لێکچواندنەوە خستوەتەڕو.

یاخود دەڵێت:

**با ئەمشەو مردن**
**هەروەك دەفەکەی دەروێش عەبدوڵڵا**
**بێ نەوا و زەرد بێ (عەلی، ٢٠١٠: ٤١)**

لێرەشدا تایبەتمەندیی بیستراویی بە (مردن) بەخشیوە، لەڕێگەی چواندنی بە (دەف)، دەفەکەی دەروێش عەبدوڵای ناوچەی هەورامان، کە لە شیعرەکەی عەبدوڵا (گۆران)ی شاعیرەوە پێی ئاشنا بوین. شاعیر لەو شەوە خەمناکەیدا، حەز بە مردنێکی بێدەنگ ئەکات، وەك بێدەنگیی دەفێك، کە لە دەنگ و ئاواز کەوتبێت. ئیستاتیکای جۆری وێنەکە لەوەدایە کە کەمجار ڕێککەوتوە وێنەی مردن بە دەفێکی بێدەنگ و بێنەوا بچوێنرێت و پەیوەندیی مردن و بێدەنگی دەربخرێت و فۆرمێکی کوردانە وەربگرێت.

**٣-وێنەی هەستی بۆنکردن:**

بۆنکردن یەکێکی ترە لەو هەستانەی کە شاعیران بۆ نەخشاندنی وێنە شیعرییەکانیان پەنای بۆ دەبن. شاعیر لە ڕێگەی بۆنکردنەوە دەچێتە نێو دنیای خەیاڵەوە وکار لە وشە و ڕستە شیعرییەکانی دەکات، لە وێنەی بۆنکردن زۆربەی کات شاعیر پەنا دەباتە بەر سروشت لە بۆنی گوڵ و ڕەیحان.. هتد بۆنی خواردنی خۆش و ناخۆش، بۆنی ڕزینی لاشەی بەجێماو، کە شاعیر دەتوانێت لە ڕێگەیانەوە سەرنجراکێشترین وێنە شیعریی بنیات بنێت.

وەک شاعیر دەڵێت:

**بەڵام ئازیز**

**هۆ دڵە زەردەکەی پایز**

**دڵنیابە ئەو پیاوەی لە باخەڵتایە..**

**ئەو سوارەی سەری جۆگەلە و شیعر و چرا،**

**لە پاشکۆی ئەسپەکەیدایە**

**تەمەنی کورتە، کورت وەك بۆن**

**کورت وەك دارەکەی مێجەرسۆن (عەلی، ٢٠١٠: ٤٢)**

شاعیر لەم شیعرەدا، ئەو ئەوینە مەوداکورتە بە (بۆن) دەچوێنێت، کە بوەتە هۆی پشتگوێخستنی ئەوینی جاویدانی خۆی لەلای یار. بەم جۆرە لە ڕێگەی وێنەی هەستی بۆنکردنەوە، پەیامی خۆی لە شیعرەکەیدا گەیاندوە. بەهەستی و وردبونەوەی شاعیر لێرەدا ناوازە و لەپێشینە نەچوە، وێنەیەکی ئیستاتیکی وا دەهێنێتەوە (کورتی تەمەنی بۆن)، بۆ هەر گوێگر و خوێنەرێکی زرنگ جێی لەسەروەستان و تێڕامانە.

لە شیعرێکی دیکەدا دەڵێت:

**لەو ڕەشەبایەش خۆش نابم**

**تەنها شەوێ لە حەوشەتانا نوستبێ**

**بۆنی تەوێڵ و پەرچەم و**

**هەناسەتی بۆ کەسیکی کە بردبێ (عەلی، ٢٠١٠: ٣٢)**

لێرەدا، شاعیر باس لە هەستی بۆنکردن دەکات و ئاسایی دەیداتە پاڵ (تەوێڵ و پەرچەم و هەناسە)ی یار، ئەوەی وێنە شیعرییەکەی تێدا کەوتوەتەوە، بردنی بۆن و بەشتکردنییەتی، کە جۆرێکی وێنەی ئیستاتیکی ناوازەیە و لە ڕێگەیەوە بۆنی بەرجەستە کردوە و بەو جۆرە وێنەیەکی جوان و ناسکی لە شیعرەکەدا چێکردوە.

٤-وێنەی چەشتن:

ئەمەش یەکێکی ترە لە پێنج هەستەکەی تری مرۆڤ، ((ئەم هەستەش وێنەی تاڵی و سوێری و شیرینی دیاردەکانی ژیانی پێدەکێشرێت.)) (گەردی، ٢٠٠٤: ٢٠٦)، بەشێوەیەکی گشتی (بەکر عەلی) لە شیعرەکانیدا، بە شێوەیەکی جیاواز و داهێنەرانە ئەم هەستەی بەکارهێناوە. بۆ وێنە لەشیعریکیدا دەڵێت:

**شیعرەکانم ترێی تاڵن**

**نابنە گولە..**

**نابنە قامچی و قەپ و باروت (عەلی، ٢٠١٠: ٥٨)**

لێرەدا، هەستی چەشتن (تامکردن) بە شیعرەکانی دەبەخشێت. کە شیعرەکانی بە (ترێی تاڵ) دەچوێنێت، بۆیە ئەو وێنەیەی کە دروستی کردوە، دەبێتە وێنەی (هەستی چەشتن) و تەعبیر لە تاڵی شیعرەکانی دەکات، هەڵبەت بۆ ئەوانەی کە پێی جاڕس و قەڵس دەبن و حەقیقەتی ڕاستینەی شیعرەکانی نابینن، لێ تاڵە و ئازارێکی کەمی مرۆڤ دەدەن و نابنە گوللە و قامچی و باروت، مرۆڤی پێ لەناوببەن و پێ ئازارێکی سەخت بدەن.

یان لە شیعرێکی دیکەدا، دەڵێت:

**حەزم ئەکرد بەر لەوەی کە بڕۆمەوە**

**نازدارەکەم لە پێکێکدا بخۆمەوە. (عەلی، ٢٠١٠: ٤١)**

لە دێڕی دوەمدا شاعیر کە دەڵێت: (نازدارەکەم لە پێکێکدا بخۆمەوە) وێنەیەکی دروستکردوە، کە تیایدا هەستی چەشتن هەیە، کاتێك ئارەزوی خواردنەوەی بە تاسەوە دەکات و دەیەوێت لەخۆیدا بیتوێنێتەوە و بە خوێن و دەمارەکانی خۆی ئاشنا بکات و دوبەدو زیاتر مەستی بکەن.

**٥-وێنەی هەستی بەرکەوتن:**

بێگومان ئەم جۆرە لە هەستەکانی تر جیاوازترە، کە ڕۆڵ و کاریگەری بەرچاوی خۆی هەیە لای شاعیران. هەر ئەم هەستە وا دەکات، خوێنەر بتوانێت شیعرەکە درك بکات و بچێتە قوڵی شیعرەکەوە و بزانێت کە شاعیر مەبەستی چییە و ئەم هەستەی بۆچی بەکارهێناوە (عەبدولڕەحمان و عەبدوللا، ٢٠١٦: ١٨).

شاعیر لە شیعرێکدا دەڵێت:

**لە بنمیچێکی سارد...**

**گەلێ ساردتر لە دەست و پەنجەی ئەو جۆگەلانەی**

**ڕۆژانێ لەسەر سنگی مەلکەندی و سەرا ئەنوستن.**

**وەك ئەو هەورانەی هەرگیز بیابان مەمکی نەمژیون... (عەلی، ٢٠١٠: ٤٤)**

لێرەدا بەکر عەلیی شاعیر، لە ڕێگەی بەکەسکردنی جۆگەلە و مەڵکەندی و سەراوە، وێنەی هەستی بەرکەوتنی هێناوەتەوە، کە لە وێنە شیعرییەکەی بەرکەوتنی پەنجەی جۆگەلەکان وەختێک لەسەر سنگی مەڵکەندی و سەرا ئەنون. لە کۆنتێکستە شیعرییەکەشدا سکیما ئاوەزی و ژینگەییەکەی دەوروبەری خۆی کە گەڕەکەکانی مەڵکەندی و سەرای شاری سلێمانی بون، هێناوەتەوە. هاوکات لە وێنە شیعرییەکەیتردا هەستی بەرکەوتنی لە وێنەی دەمی بیابان و سنگی هەوردا، هێناوەتەوە.

**چوارەم: وێنە لەڕوی وەستان و جوڵانەوە:**

١-وێنەی وەستاو: ئەم جۆرەی وێنەی (چەسپاو)یشی پێدەڵێن، ((وێنەیەکە کە لە شێوەی تابلۆیەکی وەستاودایە و بزاوتن و جموجوڵی تێدا نییە، کردارەکان بەردەوامی بزاوتن بە وێنە شیعرییەکە نابەخشن و لە بارێکی وەستاودایە)) (عیسا، ٢٠٠٩: ١٧٧). ئیستاتیکای ئەم جۆرە لە وێنە ئەوەیە کە وەستاوی و ڕامان لە تەن و تابلۆیەکی هونەری و شیعریی وەستاو وردتر تێی ڕادەمێنین و کەمتر خەیاڵمان پەرت دەکات و زیاتر چێژی لێ دەبەین. یاخود وێنەیەکە دەلالەت لە ئارامی و داسەکان و مانەوەی هەمیشەیی دەکات.

شاعیر لە پارچە شیعرێکدا دەڵێت:

**چۆن وانەبم باوانەکەم، کە دڵنیام**

**وەك تولەڕێی قەدپاڵێکی گۆیژە تەنیام. (عەلی، ٢٠١٠: ٥٤)**

شاعیر، کاتێك لە دوری یارەکەی، خۆی لە تەنیایی و تەریکیدا دەچوێنێت بە (تولەڕێی قەدپاڵی گۆیژە)، کە لە چاوەڕوانی هاتنی کەسێکدایە تا پێیدا تێپەڕێت و ئاوەدانی بۆ بهێنێتەوە، وێنەیەکی چەسپاوی دروستکروە.

یان لە شیعری (دایە)دا دەڵێت:

**دایە...دایە**

**ئازارە بێ جەمسەرەکەی شیعر و دەسرازە و لایلایە**

**لەگەڕانی ئەو جانتایەی خۆمی تیابوم دام بەشانا**

**درەختێ بوم هەڵیانکەندم**

**لەنێو دنیای ڕەگەکانا (عەلی، ٢٠١٠: ٦٤)**

لێرەدا خۆی چواندوە بە ( درەختیك)، کە دەڵێت داسەکاو و ئارام ئارام لە جێی خۆم بوم، لێ بەداخەوە لە ڕیشەیانەوە کێشام. دەبینین وێنەکە دەبێت بە وێنەیەکی چەسپاو و وەستاو، کە وێنای ژیانی پێشوی خۆی پێ کردوە.

**٢-وێنەی جوڵاو:**

ئەم جۆرە وێنەیە پێچەوانەی وێنەی وەستاوە، (وێنەیەکە کە بەردەوامی و جموجوڵ نیشاندەدات و لە بڕست و جوڵان نەکەوتوە) (عیسا، ٢٠٠٩: ١٧٨).

بەکر عەلی لە شیعرێکدا دەڵێت:

**نیوە شەوە و**
**لەم پەنجەرە دارینەوە بۆت ئەگەڕێم**
**دە..دەرکەوە..**
**کوای هۆ سێبەری سپی خوا؟**
**هۆ ئەوکچەی لاسارتری لە ڕەشەبا... (عەلی، ٢٠١٠: ٣٣)**

شاعیر یارەکەی بە ڕەشەبایەکی لاسار چواندوە، کە هەمیشە لە ڕۆیشتن و جێهێشتنیدا بەردەوامە. وەك ڕونە ڕەشەبا سیفەتی جوڵە و نەسرەوتن و وێرانکاری هەیە. بۆیە شاعیر، لەم ڕێیەوە گوزارشت لەو وێرانکارییە دەکات، بە ڕۆیشتنی لە دڵ و دەرونی ئەمدا دروستی دەکات. بەمجۆرە لە ڕێی وشەکانی (لاسار و ڕەشەبا)وە، وێنەیەکی جوانی ئافراندوە لە جۆری وێنەی جوڵاو و بەردەوام.

شاعیر، لە شیعری (پەپولە)شدا، دەڵێت:

**ئەم دڵە باڵندەیەکە شەوانە دێ**
**پەڕوباڵی لە دەرگەکەتان هەڵئەسوێ**
**کەواتە چۆن دەمەو ئێوارانێ کە دێ**
**نەزانانە پێی پیا ئەنێی؟ (عەلی، ٢٠١٠: ٥٤)**

لێرەشدا شاعیر، (دڵ)ی بە (باڵندە)یەك چواندوە، کە پەڕوباڵی لە دەرگای ماڵی یار دەسوێت. دیمەنی جارجارەی هاتن و چونی دڵی باڵندەیی خۆی وێنەیەکی جوان و ماناداری لە جۆری وێنەی جوڵاو دروستکردوە و هاوکاتیش تایبەتمەندیی جوڵاوی و بێئۆقرەیی لە باڵندەوە هێناوە بۆ دڵی خۆی.

دەبینین شاعیر ئەو هەست و نەست و خەیاڵانەی کە بە بیر و ئاوەزیدا گوزەری کردوە، لە قاڵبی وێنەی شیعریی ئیستاتیکی و زمانێکی ڕەوان و پاراودا، مەزراندونی.

**ئەنجام**

١- وێنەی شیعری و توخمە پێکهێنەرەکانی، بنەمایەکی سەرەکیی ئیستاتیکای دەقی شیعرین، کە لە ڕێگەیانەوە دەق شیکار و ڕاڤە دەکرێت و بەر جوانییەکانی دەق دەکەوین و چێژ بە خوێنەر و گوێگر دەدەن.

٢- شیعرەکانی بەکر عەلی تژین لە ڕەگەزی ئیستاتیکا و جوانیناسی، بۆ بەرجەستەکردنی ئەم بابەتە گرنگەی شیعر، شاعیر زیاتر پەنای بۆ وێنە شیعرییە چەشناوچەشنەکانی وەک وێنەکانی (خواستن و چواندن و وێنەی تاک و لێکدراو و وێنە هەستییەکان و وێنەی جوڵاو و وەستاو) بردوە، کە دەلالەت لە پاشخانە ئەدەبی و شیعرییەکەی و خۆشەویستییەکەی دەکەن و لە ڕێگەیانەوە هەست و نەست و دنیابینی و بیرەکانی و ژیانی پڕ چەرمەسەریی خۆی، پێ ڕەنگرێژ کردون.

٣- لە شیعرەکانی بەکر عەلیی شاعیردا، هونەری بەکەسکردن و بەشتکردن کە لە هەناوی هونەری خواستندان، هەروەها بەکارهێنانی وێنەی شیعری لەڕوی هەستەکانەوە، بەراورد بە جۆرەکانی تری وێنە پانتایەکی گەورەتر و بەرچاوتریان داگیرکردوە.

٤-هەریەکە لە جۆرەکانی وێنەی شیعری لای بەکر عەلیی شاعیر پێدەری فۆرمێکی جیاوازی ئیستاتیکین لە دەق شیعریدا، وێنەی لێکچواندن هونەری ڕونکردنەوەی هەست و نەست و شتەکانە. وێنەی خواستن دۆزینەوەی پەیوەندی نوێ و لەجێدانان و گواستنەوەی تایبەتمەندییە لەنێوان مرۆڤ و سروشت و گیاندارانی دەوروبەریدا. وێنەی وەستاو پێدەری ئیستاتیکای ئارامی و مانەوە و ڕەگداکوتان و وێنەی جوڵاویش بێئۆقرەی و چموچار و دڕدۆنگییە. وێنەی هەستەکانیش بەرجەستەی پێنج هەستەکەی شاعیر دەکەن لە قاڵب و وێنەی شیعریی نەبینراو و نەوتراودا و جیاوازدا، بە فۆرمی تایبەتی و سکیمای تایبەتی و ئاوەزیی و هەستیی بەکر عەلی شاعیر.

٥- بەکر عەلیی شاعیر، وەک شاعیرێکی زرنگ و بە پاشخانێکی زەنگینەوە، کۆی ڕەگەزەکانی وێنەی شیعری لە ئیستاتیکای شیعرەکانیدا تواندوەتەوە، هەر لە زمان و ئەو واقیعە تاڵەی کە تێیدا بوە تا هەست و نەستی ناسک و ئەندێشەی فراوان و بیر و سەرچاوەکانی تری وێنەی شیعری، لە ڕێگەی وشەی ئاوازدار و مۆسیقادارەوە نەخشاندوە.

## سەرچاوەکان


ئەمین، عەبدولقادر محەمەد (٢٠٠٢)، وێنەی شیعریی لە ڕێبازی ڕۆمانسیی کوردیدا، سلێمانی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.

حسێن، جەبار ئەحمەد(٢٠٠٨)، ئیستاتیکای دەقی شیعری کوردی_کوردستانی عیراق(١٩٥٠-١٩٧٠)، سلێمانی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.

حمەصاڵح، مقداد (٢٠١٣)، سەرنجێك لەسەر ئیستاتیکا، سلێمانی، چاپەمەنی گەنج.

حەسەن، ناڵە(2020)، گەیشتن بە ڕوبەری شیعر(لێکۆڵینەوەیەکە لەبارەی ئەزمونی شیعری فەرید زامدار)، چاپی یەکەم، شوێنی چاپی نییە.

حەمە، هیتلەر ئەحمەد(٢٠٠١)، بنیاتی وێنەی شیعری لای نالی، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین.

خۆشناو، هێمن عومەر(١٠١٠)، شیعرییەتی دەقی چیرۆکی کوردی، هەولێر، بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی هەولێر.

شێخ حسێن، کازم(٢٠١٨)، جوانیناسی عیرفانی لە شیعرەکانی (شێخ نورەددینی بریفکانی)دا، چاپی یەکەم، سلێمانی، خانەی چاپ و پەخشی ڕێنما.

عزیز، عزالدین ئەحمەد(٢٠١٧)، بنەماکانی دەرونزانی گشتی، چاپی شەشەم، هەولێر، چاپخانەی ڕۆژهەڵات.

عەبدولڕەحمان، ناهیدە حسێن، عەبدوللا، محەمەد ئەمین(٢٠١٦)، وێنەی شیعریی لە شیعرەکانی ئەحمەد محەمەددا، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردستان، خولی سێیەم، هەولێر.

عەلی، بەکر(٢٠١٠)، کاسکێتەکەم بسپێرن بە پایز، ئامادەکردنی: فەرەیدون عارف، سلێمانی، چاپخانەی کارۆ.

عەلی، د.دڵشاد(١٩٩٨)، بنیاتی هەڵبەست لەهۆنراوەی کوردیدا، سلێمانی، چاپخانەی ڕەنج.

عیسا، هاوژین صڵیوە(٢٠٠٩)، بنیادی وێنەی هونەری لە شیعری شێرکۆ بێکەسدا، سلێمانی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.

کەریم، فەرهاد قادر(٢٠٠٩)، بنیاتی وێنە لە شیعرەکانی حەمدیدا، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی.

کەریم، فەرهاد قادر(٢٠١٢)، وێنەی دوبارە لە شیعرەکانی حەمدیدا، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، ژمارە(٣٥) بەشیB.

گەردی، سەردار ئەحمەد حەسەن(٢٠٠٤)، بنیادی وێنەی هونەری لە شیعری کوردیدا، (١٩٧٠-١٩٩١)، سلێمانی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.

مستەفا، ئاسۆ عومەر(٢٠٠٩)، بەها ئستاتیکییەکانی شیعر لای پێرەمێرد و شێخ نوری و گۆران، دهۆك، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی.

میراودەلی، کەمال (٢٠٠٥)، فەلسەفەی جوانی و هونەر_ئیستاتیکا، چاپی دوەم، سلێمانی، خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی قانع.

سالم، محمد عزيز نظمي(١٩٩٦)، قراءات في علم الجمال، جزء الثاني، مصر.

السكاكي، ابي يعقوب يوسف بن ابي بكر محمد بن علي (٢٠٠٠)، كتاب مفتاح العلوم، طبعة الاولى، دار الكتب العلمية، بيروت.

مطلوب، د.احمد(١٩٨٣)، البحث البلاغي عند العرب، دار الجاحظ للنشر، بغداد.
مطر، اميره حلمی(٢٠١٣)، مدخل الی علم الجمال و فلسفه الفن، الطبعه الرابعة، مصر، دار التنوير للطباعه والنشر.
هلال، د.محمد غنيمي(١٩٧٣)، النقد الادبي الحديث، دار العودة- دار الثقافة ، بيروت.
رحمانيفر، سيما(٢٠١٥)، رابطه انديشه و اعتقادات شاعير با بيكارگيری انواع صور خيال(در محدوده علم بيان)، مجوعه مقالات، همايش حكيم ناصر خسرو قبادياتی.
صهبا، د.فروغ(١٣٨٤)، مبانی زيبايیشناسی شعر، مجله علوم اجتماعی و انسانی، دانشگاه شيراز، دوره(بيست و دوم)، شماره سوم، پائيز ١٣٨٤، پياپی (٤٤).
عيرفانی، محمد جواد(٢٠٠٤)، بررسی صور خيال در غزليات فرخی يزدی، كاوش نامه، سال چهارم، شماره ٩.
كدكنی، دكتر شفيع (١٣٧٥)، صور خيال در شعر فارسی، چاپ ششم، تهران.